**لە لاهای کوردان چیرۆکی جینۆسایدکردنی خۆیان گێڕایەوە**

لە چوارچێوەی کارەکانی کۆنگرەی ٢٤ی وڵاتانی ئەندامی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە شاری لاهای هۆڵەندا , تۆریی KONCICC بە هاوکاری ڕێکخراوەکانی دژ بە جینۆساید و چەك سمینارێکی لە ڕۆژی چوارشەمە ڕێکەوتی ٣-١٢-٢٠٢٥ ڕێکخست , کە ژمارەیەك بەرچاو لە میوانانی بیانی لە باڵوێزی وڵاتان , بەرپرسی ڕێکخراوە جیهانییەکان و ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانانی جینۆسایدی بیانی ئامادە بوون , بە یەکێك لە سمینارە سەرکەوتووەکانی کۆڕبەندەکە داریکرا,لە رووی ئامادەکارییەوە , هاوکات نمایشی فلیم و پیشانگای کتێب و بڵاوکراوە کرا.
لە تەوەری یەکەم سێ قوربانی جینۆساید دارا محەمەد عەلی رزگاربووی زیندانەکانی دووبز و نگرە سەلمان , سۆنیا رزگاربووی جینۆسایدی شەنگال, لوقمان عەبدالقادر رزگاربووی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە قسەیان کرد و چیرۆکی تراژیدی خۆیان گێڕایەوە , لە پانێڵی دووەم سالار مەحمود و خاتوو عەدالەت عومەر و هابیل حاجی ئەحمەد سەبارەت بە دۆسیەی ئەنفال , گۆڕی بە کۆمەڵی کورد لە عێراق, تێکشکاندنی داعش لە لایەن جەنگاوەرانی کورد و ئاوا کردنی مۆنمێنتی شەهیدانی پێشمەرگە لە مۆنمێنتی ئەنفال لە چەمچەماڵ قسەیان کرد, لە کۆتاییدا خواردن و شیرینی کوردی پێشکەش بە میوانەکان کرا.
هەموو ئەم چالاکیانە لە ١٥ ساڵی رابردوو لە سەر حیسابی خۆمان ئەنجاممان داوە, دوور لە هاوکاری دەرەکی بەڕێوە چووە.







009647503714620